هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٤٢) لە ٢٠٢٠/١/٨

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و دوابەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤١) لە ٢٠١٩/١٢/١١، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٨) لە ٢٠٢٠/١/٨، بڕیاردرا بە:

١. پەسەندکردنی پێشنیاری هاوپێچی ئەم بڕیارە تایبەت بە زیادکردنی ماددەیەکی نوێ بۆ (پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر لە هەرێمی کوردستان-عێراق) کە پێشتر بە بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران وەك پرۆژە یاسا پەسەندکرا و ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کرا بۆ بڕیاردان لەسەر پرۆژە یاساکە.

٢. وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەم بڕیارە و هاوپێچەکەی هاوشێوەی پرۆژە یاساکە ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان دەکات بە مەبەستی بڕیاردان لەسەری لەلایەن پەرلەمانەوە.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم:**

١. وەزارەتی دارایی و ئابووری لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوەی بواری بانکیی لە هەرێم و بە ئەلکترۆنیکردنی خزمەتگوزارییە بانکییەکان، ئەژمێرێکی تایبەت دەکاتەوە بۆ هەر مووچەخۆر و سوودمەندێک لە بودجەی گشتی لە پێناوی زامنکردن (پاراستن)ی گشت شایستە داراییەکانیان بە شایستە داراییە خەرجنەکراوەکانیشەوە.

٢. چۆنیەتی کردنەوەی ئەو ئەژمێرە و سوودوەرگرتنی مووچەخۆر و سوودمەند لە ئەژمێرەکە بە ڕێنماییەکی دارایی ڕێکدەخرێت کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە دەردەچێت لەبەر ڕۆشنایی برگەی (یەکەم/١)ی ئەم ماددەیە.

**دووەم:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەو برە پارەیەی کە بە فیعلی لە خەرجییەکان دەگەڕێتەوە لە دەرئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، دەبێت ئەنجومەنی وەزیران ئەولەویەت بدات بە پێداچوونەوە بە کەمترین مووچەی خانەنشینی لە هەرێم بە ئاڕاستەی زیادکردن و بە ڕەچاوکردنی بژێوی و گوزەرانی ئەو کەسانەی کە کەمترین مووچەی خانەنشینی وەردەگرن.

**تێبینی:**

زنجیرەی ماددەکانی پرۆژە یاساکە ڕێکدەخرێنەوە بەپێی زیادکردنی ئەم ماددەیە.